# كومـەڵەی خوێندكـارانی كورد لە ئەوروپـا

## ١٩٥٦ - ١٩٦٦

لە ١٠ - ١٦ / ٨ / ١٩٥٦ حەڤدە خوێندكاری كورد لە شاری ( ڤیزبادن ) لە ئەڵمانیای فیدرالی كۆبوونەوە • پاش لێكۆڵینەوەیەكی دووردورێژ بڕیاریان دا لە سەر دامەزراندنی ( كۆمەڵەی زانستی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا ) •

كۆنگرەی دووەمی كۆمەڵە لە ٢ - ٤ / ١ / ١٩٥٨ لە ( لەندەن ) بەسترا ٢٢ خوێندكاری كورد تیا ئامادەبوون •

كۆنگرەی سێیەم لە ٤ - ٨ / ٨ / ١٩٥٨ لە ( مونیخ ) بەسترا ١٧ خوێندكاری كورد تیا ئامادە بوون • لەم كۆنگرەیەدا بڕیار درا ناوی كۆمەڵە بگۆڕرێت بە ( كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا ) •

كۆنگرەی چوارەم لە ٢٣ - ٢٦ / ٧ / ١٩٥٩ لە ( ڤیەنا ) بەسترا ٤٠ خوێندكاری كورد تیا ئامادەبوون •

كۆنگرەی پێنجەم لە ٢٢ - ٢٦ / ٨ / ١٩٦٠ لە ( بەرلینی ڕۆژئاوا ) بەسترا ٧٣ خوێندكاری كورد تیا ئامادەبوون •

كۆنگرەی شەشەم لە ٢١ - ٢٦ / ٨ / ١٩٦١ لە ( موینستەر ) - ئەڵمانیای فیدرالی بەسترا ١٠٩ خوێندكاری كورد تیا ئامادەبوون •

كۆنگرەی حەوتەم لە ٩ - ١٥ / ٨ / ١٩٦٢ لە ( براونشڤایك ) - ئەڵمانیای فیدرالی بەسترا ١١٠ خوێندكاری كورد تیا ئامادەبوون •

كۆنگرەی هەشتەم لە ٩ - ١٥ / ٨ / ١٩٦٣ لە ( مونیخ ) بەسترا ١٥٦ خوێندكاری كورد تیا ئامادە بوون •

كۆنگرەی نۆیەم لە ٣ - ٩ / ٨ / ١٩٦٤ لە ( هانۆفەر ) بەسترا ١٨٣ خوێندكاری كورد تیا ئامادە بوون •

كۆنگرەی دەیەم لە ١٧ - ٢٢ / ٨ / ١٩٦٥ لە ( بەرلینی ڕۆژئاوا ) بەسترا ١٢٥ خوێندكاری كورد تیا ئامادە بوون •

كۆنگرەی یانزەهەم لە ٢٦ - ٣٠ / ٨ / ١٩٦٦ لە ( بەرلینی ڕۆژئاوا )

بەسترا ١١٧ خویندکاری کوردی تیا ئامادە بوون •

بیجگە لە خویندکارانی کورد کە لە دانیشگاکانی ئەوروپا ئەخوینن گەلیك نوینەرانی ریکخراوانی تر و روژنامەو ئیستگەو پیاوانی ناسراو لە دوستانی کومەلەو گەلی کورد لە کونگرەکانی کومەلە دا ئامادە ئەبن •

ئورگانی کومەلە گوڤاری ( کوردستان ) ە کە تا ئیستا ١٠ ژمارەی بە انگلیزی لی دەرچووە ( دوا ژمارەی تەمموز ١٩٦٥ ) لەگەل ژمارەیەك بە عەرەبی ( کانوونی یەکەم ١٩٥٨ ) وە ژمارەیەك بە ئەلمانی ( مایس ١٩٦٠ ) • سەرەرای گەلیك بەیانات کە لە لایەن کومیتەی بەرریوەبەری گشتی و کومیتەی لقەکانەوە ناو بە ناو بە زمانە ئەوروپاییەکان دەرئەچن •

لە مانگی حەزیرانی ١٩٦٦ دا کومیتەی بەرریوەبەری گشتی یەکەم ژمارەی گوڤاری ( پرشنگ ) ی دەرکرد کە گوڤاریکی ویژەیی و زانستی و کومەلایەتیە بە زمانی کوردی دەرئەچیت •

ژمارەی ئەندامانی کومەلە نزیکەی ٤٥٠ خویندکاری کوردن کە لەم ولاتانەی خوارەوە ئەخوینن : سوید - انگلستان - فەرەنسا - نەمسا - ئەلمانیای روژئاوا - بەرلینی روژئاوا - ئەلمانیای دیموکراتی - پولونیا - چیکوسلوفاکیا - هەنگاریا - یوگوسلاڤیا - بولگاریا - رومانیا - یەکیتی سوڤیەت •

کومەلە لەگەل نزیکەی ١٠٠ ریکخراوی قوتابیان و غەیری قوتابیان دا پەیوەندی هەیە کە نامەو چاپکراو یان لەگەل دا ئەگورریتەوە وە بە پیی کات و توانا لە کوبوونەوەو کونگرەکانی یەکتردا ئامادە ئەبن •

کومەلە لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ ەوە ئەندامە لە(یەکیتی ی قوتابیانی جیهان ) دا •

کومیتەی بەرریوەبەری گشتی

بەرلین - ئەیلوول / ١٩٦٦

# دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

یەکەم - ناو - کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا •

دووەم - ئامانجە بنچینەیەکانی :

١ - ئیهتمام دان بە گیروگرفتی خوێندنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا و بە هێز کردنی پەیوەندی لە نێوانیان دا •

٢ - هێنانەدی هاوکاری مادی لە نێوانی خوێندکارانی کوردا لە ئەوروپا •

٣ - گەشە پێدانی زانستیی نیشتمانی کورد و هەوڵدان بۆ سوودی گەلی کورد و مەسەلە نیشتمانیکەی •

٤ - ناساندنی کەلەپوور و زانستیی گەلی کورد و ولاتەکەی (کوردستان) وە وەزع و مەسەلە نیشتمانیکەی بە جیهان •

٥ - بە هێزکردنی گیانی هاوکاری و دوستایەتی لە نێوانی خوێندکارانی کورد و خوێندکارانی ولاتانی کەدا وە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕێکخراوانی خوێندکاران و غەیری خوێندکاراندا لە نیشتمانی و جیهانی وە هاوکاری کردن لەگەڵیانا بە پێی ئامانج و چاکەی هەردوولا •

٦ - بەشدار بوون لە تێکوشانی گەلی کوردا وە لایەنگیری تێکوشانی هەموو گەلانی جیهان دژی امپریالیزم و کونەپەرستی و رژێمی دیکتاتوری و ە لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و ئاسایشی جیهانی دا •

سێیەم - کۆمەلە کوڤاریکی دەوری بە ناوی ( کوردستان ) ەوە دەرئەکات کە ئەبێتە ئورگانی کۆمەڵە •

چوارەم- ئەندامەتی :

١ - هەموو خوێندکاریکی کورد یا خەلکی کوردستان کە لە ئەوروپا بخوێنێ ئەتوانێت ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە ئەگەر :

أ - بە دەستووری کۆمەڵە قایل بێت و هەوڵ بدات بۆ هێنانەدی -

ئامانجەکانی •

ب - ئابوونەی سالانە ( بەلای کەمەوە سی پاوەندی انگلیزی یا ئەوەندەی ئەو ) بدات •

٢ - ئەبیت کومیتەی لق بە راویژکردن لەگەل کومیتەی بەرریوەبەری گشتی دلنیا بیت لە بوونی مەرجەکانی بەندی پیشوو لە داخوازی ئەنداماتی دا •

٣ - ئەگەر ئەندام بە پیچەوانەی دەستوور جوولایەوە یان کاریکی وای کرد کە زیان بە کومەلە یا بە گەلی کورد ببەخشیت خوی تووشی ئەم سزایانەی خوارەوە ئەکات :

أ - سەرنج راکیشان ( انذار ) ئەمجا سەرشکینەکردن ( توبیخ ) بە برریاری کومیتەی لق •

ب - هەل پەساردن (تجمید) بە برریاری کومیتەی بەرریوەبەری گشتی •

ج - دەرکردن بە برریاری کونگرەی گشتی •

<u>پینجەم</u> - <u>ریکخستنی کومەلە</u> - ریکخستنی کومەلە لە سەر ئەم بنچینەیەی خوارەوە ئەبیت :

١ - <u>کونگرەی گشتی</u> :

أ - پیکدیت لەو ئەندامانەی تیا ئامادە ئەبن •

ب - بەرزترین دەسەلات بەدەستی کومەلەیە وە بوی هەیە دەسکاری دەستووری کومەلە بکات بە کەمترین زوربەی دەنگ وە لە کاتی یەکبوونی دەنگەکان دا ئەو لایە سەر ئەکەویت کە سەروک(x) لایەنگیری ئەکات •

ج - سالی جاریک ئەبەستریت وە لە کاتی پیویستی دا ئەتوانریت کونگرەیەکی ناکاو ببەستریت لە سەر داواکردنی بە لای کەمەوە سیٚ یەکی ئەندامانی کومەلە یا دوو سیٚ یەکی ئەندامانی کومیتەی بەرریوەبەری گشتی وە لە هەردوو بارەکەدا ئەبی ئەندامانی کومەلە لە شوین و کاتی کونگرە بەلای کەمەوە مانگیک لەوەو پیش ئاگادار بکرین •

د - <u>دانانی شوین و کاتی کونگرە بە تەنیا مافی کومیتەی بەرریوەبەری گشتی یە</u> •

x) مەبەس لە سەروکی کوبوونەوەیە •

هـ - بو بەرریوەبردنی کوبوونەوەکانی کونگرە لە یەکەم کوبوونەوەی کونگرەدا لە ئەندامانی کومیتەی بەرریوەبەری گشتی یا لە ئەندامانی کونگرە کومیتەیەك هەل ئەبژیردری •

٢ - کومیتەی بەرریوەبەری گشتی ( ك • ب • گ • ) :

أ - بەرزترین دەسەلاتبە دەستی کومەلەیە لە نیوانی دوو کونگرەدا •

ب - پیکدیت لە ١٠ ئەندام و دوو ئەندامی جی گر کە لە لایەن کونگرەی گشتی وە هەل ئەبژیرین •

ج - پیش کونگرەو پاش کونگرە کو ئەبیتەوە وە لە یەکەم کوبوونەوەیدا لە پاش کونگرە لە نیوانی ئەندامەکانیا سکرتیری گشتی و موحاسیبی گشتی و سکرتیری نووسینی کوڤاری کوردستان هەل ئەبژیری •

د - لە نیوانی ئەندامەکانیا ( سکرتاریات ) لە سێ ئەندام هەل ئەبژیری لەوانە سکرتیری گشتی • سکرتاریات برریارەکانی ك • ب • گ لە نیوانی دوو کوبوونەوە دا جی بە جی ئەکات وە بە لای کەمەوە هەر سێ مانگ جاریك کوئەبیتەوە •

هـ - پروگرامی کونگرە ئامادە ئەکاتو لەیەکەم کوبوونەوەی کونگرەدا ئەیخاتە پیش چاوی ئەندامەکانی •

و - لە پاش کونگرە لە ماوەی شەش مانگدا جاریك کو ئەبیتەوە •

ز - ك • ب • گ راستەوخو بەرپرسیارە بەرامبەر بە کونگرە •

٣ - لـق :

أ - پیکدیت لە ئەندامانی کومەلە ولاتیکدا وە بە برریاری ك • ب • گ دا ئەمەزری •

ب - بەرزترین دەسەلاتبە دەستی ناوچەیی یە و ە بەلای کەمەوە سالی جاریك کوئەبیتەوە •

ج - لە کوبوونەوەی سالانەیدا ئەندامانی کومیتەی لق هەل ئەبژیریت •

٤ - کومیتەی لق :

أ - لە سێ تا حەوت ئەندام پێكدێت .

ب - کاروباری لق ئەبات بەڕێوە وە دەورێکی بالای ئەبێت لە هێنانەدی ئامانجەکانی کۆمەڵە دا وە جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی لەو ولاتەدا کە کاری تیا ئەکات بە مەرجێك بە پێی سیاسەتی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی بڕوات بەڕێوە .

٥ - کومیتەکانی پەیوەندی : کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی بوی هەیە ماف بدات بە دوستەکانی کومەلە لە نیشتمان بە تایبەتی ئەندامەکانی کومەلە کە ئەگەڕێنەوە بو ولات بو پێكهێنانی کومیتە بە ناوی ( کومیتەی پەیوەندی لەگەل کومەلەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ) . کومیتەی پەیوەندی ئەم کاروبارانەی خوارەوە ئەکات :

أ - پروپاگاندە بو کومەلە لە نیشتمان ب - دابەشکردنی چاپکراوەکانی کومەلە و وەرگێڕان و بلاوکردنەوەیان ج - کوکردنەوەی باربوو بو کومەلە د - بەجێ گەیاندنی هەر کارێکی تر کە ك . ب . گ پێی بسپێری .

ئەم کومیتانە لە هەموو کارێکیانا بە پێی فەرمانی ك . ب . گ رەفتار ئەکەن .

شەشەم - دەرامەتی کومەلە :

١ - دەرامەتی کومەلە لەمانەی خوارەوە پێكدێت :

أ - ئابوونەی سالانە ب - باربووی ئەندامان و دوستانی کومەلە
ج - دەسکەوتی چالاکیکانی کومەلە .

٢ - دەرامەتی کومەلە لە نێوانی کاسەی لق و کاسەی گشتی دا بەم جورە دابەش ئەکرێت : کاسەی لقەکان بەلای کەمەوە ٥٠٪ ی دەسکەوتیان ئەدەن بە کاسەی گشتی ، بەرامبەر بەمە کاسەی لقەکان ئەتوانن بە پێی پێویستی لە کاسەی گشتی یارمەتی داوا بکەن .

ششششششش

کونگرەی یانزەهەم کەلە ٢٦ - ٣٠ / ٨ / ١٩٦٦ لە بەرلینی روژئاوا بەسترا بڕیاری لەسەر دا .